# عەلمانیبوونی حیزبی کوردی. . !!

## کەمال رەوف

ڕەنگە کارێکی ئاسان و گونجاو تر بێت گەر بەو پرسیارە دەستپێبکەین و بپرسین، ئاخۆ دەسەلاٚتێ ئایندەی عێراق، (الله اکبر) ە دەستخەتەکەی سەدام حسێن لەسەر ئالاٚی عێراق لادەبات یان بۆریایی‌و مەرامی‌سیاسی دەیهێلێتەوە ؟. من گومان لەوەدەکەم، ئەگەر ئەمەریکاییەکان واز لە ئۆپۆزیسۆنی عێراقی بهێنن، ئەوان بتوانن ئەو جورئەتەیان هەبێت کارێکی لەو جۆرە بکەن ! دیارو ئاشکرایە گەر دەسەلاٚتی دوای سەدام لەئۆپۆزیسۆن و لەو بیرە تەقلیدیەی ئێستا پێکبهێنرێت، ئەوا بێشك ئەو دەسەلاٚتە تازەیەش ناتوانێت دەسەلاٚتێکی تەواو جیاوازبێت لەو دەسەلاٚت و حکومەتانەی کە لەناوچەکەدا هەن، بەتایبەتی هەوڵی ئەوە دەدەن بەدەسەلاٚتێکی هاوشێوەی دەسەلاٚتەعەرەبیە میانڕەوەکان بێنە سەرکار، ئەوان هەرچەندە ئەوە دەزانن کە سەدام بۆ ڕیبایی و مەرامی سیاسی خۆی ئەوەی کردووە، بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر شەریکە ئیسلامیەکانیان و لەبەر مجامەلەی ناو خۆ و هەرێمایەتی لەوانەیە ئەمانیش بەزیادەوە ڕیباییەکی تر بخەنە پاڵ ریاییەکەی سەدام و خۆیان لەساخکردنەوەی ئەو مەسەلەیە بەدوور بگرن، ئەم سازش و مجامەلەیە کەلاٚی ئیسلامی سیاسی بە (منافیقی) حسابی بۆ دەکرێت و دەخوێندرێتەوە، درێژ بووە وەی ئەو پەتا سیاسیەیە کە وەك دیاردەیەکی ناشرین حکومە تەعەرەبیەکانی گرتۆتەوە و وەك ڕێگاجارەیەکی ناچار بۆ کێشەی ئیسلامی سیاسی پەیرەوی لێدەکەن.

حکومەتەعەرەبیەکان بەوانەشەوە کە خۆیان بەچەپ و سوسیالیست دەزانن دەیانەوێت بەو شێوازە بەر بەگەشەی ئیسلامی سیاسی بگرن و بەخەڵکیش ڕاگەیەنن، کە ئەوان توانایان هەیە داخوازیە کانی ئەوان کە (ڕێزگرتنە لەکلتووری ئیسلام و پەیڕەو کردنی شەریعەتە) بەجۆرێك لەجۆرەکان تێکەڵ بەسیاسەت و بڕیارەکانیانی بکەن. ناشرینی و قێزەونی ئەم دیاردەیە لەو جێگەیەدا دەر دەکەوێت و دەبێتە مایەیی گاڵتەجاری، کەحکومەتەکان هەمویان ئامادەن ڕێز لە ریکخراو حیزبە ئیسلامیەکانی دەرەوەی ژێردەسەلاٚتی خۆیان بگرن و تەنانەت کۆمەکیشیان بکەن، کەچی بەپێچەوانەوە لەگەڵ پارتە ئیسلامیەکانی نەیاری خۆیاندا ئامادەش نین دانیشن و گفتو گۆ بکەن و ئازادی هەڵسورانی سیاسیان بۆبەرەسمی بناسن، ئەم هەڵوێستەشیان بەوە پاساو دەدەنەوە کە ئەوان خۆیان لەئیسلامی سیاسی زیاتر بە ئیسلام وداکۆکیکەر لە بەرژەوەندیەکانی ئەو ئاینە دەزانن، و ئامادەشن هەموو کارەکانی ئەوان کەبەنیازن بیکەن بەزیادەوە ڕاپەڕێنن و لەئەستۆی بگرن.

دەسەلاٚتی کوردی هەرچەندە لەسەرەتایدا هیچ فشارێکی بەرچاوو گەورەی ئیسلامی سیاسی لەسەر نەبوو، بەلاٚم بەحوکمی ئەوەی کە هێزگەلێکی تەقلیدی و بڕوا بەخۆنەبوو، هەر زوو بە ڤایرۆسی ئەو پەتایە تووشبوو نەیتوانی عەلمانی بوونی خۆی ڕاگەیەنێت و بەمجامەلەیەکی زیادە ڕۆییانەوە چاوی لەو ئەزمونە سەر نەکەوتوەی حکومەتەعەرەبیەکان کردو چاکی مجامەلەو ڕیاکاریی کرد بەلاٚدا و کردیە سونەتێکی بنچینەیی کاری سیاسی و کۆمەلاٚیەتی خۆی، پارتی و یەکێتی کە دوو پارتی سەرەکی بەنفوزی کوردیی بوون و دەسەلاٚتیان بەدەستەوەبوو، ئەو سازش و مجامەلەیەیان کردە یەکێك لە میحوەرە سەرەکیەکانی کێبەرکیێ خۆیان و پێشکەوتنیان لەسەر ئەوەدەکرد کامیان بتوانێت بەسازش و ریاکاری سەرنجی زۆر تری ئیسلامیەکان بۆخۆی راکێشیت، هەر بۆیە سەر باری ئەوەی تا رادەیەکی زۆریش خۆ یان بەعەلمانی ناساند بوو کەچی نەیان توانی عەلمانی بوونی خۆیان لە دەسەڵاتداراگەیەنن و پەیڕەوی لێبکەن. ئەوان نەیان توانی ئەو رایە بسەلمێنن کە عەلمانی بوون، مانای ڕەتکردنەوە و دژایەتیکردنی ئاین ناگەیەنێت. . . بەپێچەوانەوە عەلمانی بون ئازادی تەواو دەدات بەتاکی کۆمەڵ کەبەویست و خواستی خۆی خواپەرستی بکات و تەعبیرلە بیرو رای ئاینی خۆی بکات. شەفاف نەبونی هەردوو حیزب لەو مەسەلەیەدا و فەرزکردنی رای رابەرو سەرکردە لە حیزبدا و هەوڵدان بۆ هەڵبژاردنی رابەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرەتایی دەسەلاٚتدارێتیاندا، لە و کارو هەڵە قێزەونانەیە کە نەك هەر هەوڵێکی نادیموکراتیانەی ناو حیزبیی بوو بگرە هەولێکی نارەوایی سەپاندنی تاکدەسەلاٚتی ئیرادەگەریانەی وابوو کە بتوانێت کۆمەڵیش لەرووی بیرکردنەوە و ئازادی رادەر برینەوە توشی ئیفلیجی بکات، چونکە رابەر ئەو کەسایەتیە کاریزماییەیە کە شەرعیەتی هەموو سەپاندنێکی هەیە و لە کۆمەڵیش دەخوازێت ئیتاعەتێکی کوێرانەی لێبکەن، چونکە رابەر جگە لەو دەسەلاٚتە سیاسیە تاك ڕەوانەی پێیدە سپێرێت لەهەمان کاتیشدا دەبێتە دەسەلاٚتێکی ڕۆحانی واکە هیچی لە پلەو مەقامی دەسەلاٚتی ئیلاهی سەر زەوی کەمتر نەبێت.

دکتۆر ڕەفعەت سەعید کە سکرتێری حیزبێکی میسریە لەلیدوانێکیدا دەڵێت : من شیوعیم بەلاٚم حیزبەکەم شیوعی نییە،

بەپێچەوانەی ئەم بیرکردنەوە وە حیزبی کوردی وەك خێڵ دەبێت تەواوی ئەندامان بەشوێن مەزاجی سەرکردەو رابەرەکانیانەوە بن، ئەگینا بە پێچەوانەوە تووشی لێپرسینەوە و سەرئێشەی حیزبی دەبن، هەربۆیە لەناو هەردوو حیزبی کوردید اگەلێك کادر بۆ ئەوەی تووشی ئەو حاڵەتە نەبن دەستبەرداری بیرکردنەوەکانی خۆیان بوون و وازیان لەبیری عەلمانی بوونی خۆیان هێناوە.

**پارتی و یەکێتی بەدەستبەرداربوونیان لەبیری عەلمانی بوون هەر ئەو زیانەیان بەر نەکەوت کەنەیان توانی لەو دورییانەدا دەرنەچن وهەولێر هێندەی تر لەهزری موحافیزکاری نغرۆ بکەن ولەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیشدا تارمایی دەسەڵاتێکی ئیسلامی بە پشتیوانی یەکێتی خۆی سەردەربێنیٚ، بەڵکو ئەو زیانەشیان لەخۆیاندا کە ئیدی ناتوانن ئەو هەلآنەیان چارە سەر بکەن کەروویا ندابەحوکمی ئەوەی دیموکراتبوونیان خستە پێش عەلمانی بوونیانەوە، هەربوٚیە چیتر نە پارتی دەتوانیٚ حیزبێکی کوردی و ئاینی کراوەبێت نەیەکێتیش دەتوانێت پارتێکی سوسیالیستی و عەلمانیی راستەقینەبێت.**

Kamalrehuf250@hotmail.com

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پاریزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 2003-1-15